# ڕۆژ ژمێرەکان داهاتوو ئەخوێننەوە

**نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)**
Kardo_van@yahoo.com

**عەولەمە یان جیهانگیری لە سادەترین پێناسەدا خۆی لە نزیك بوونەوەی شارستانی و فەرهەنگ و کەلتورەکان دەبینێتەوە،گەر واش نەبێت ئەوە بڵاوبوونەوەی سەتەلایت و کۆمپیوتەر و دی ڤی دی و....هتد ئەو کەرەستانەن کە بەشدارییەکی بەرچاو لە دانانی چوارچێوەیەك بۆ عەولەمە و لە بەخشینی مانا و پێناسەکەی دەکەن.لە ڕووی سیاسیەوە عەولەمە دەکرێت دەیان بگرە سەدان بەحسی لەسەر بکرێت ،بێ گومان بۆچوونی جیاوازیش هەیە لەمەر ڕاڤەکردنی ئەو دیاردەیە کەمیش نین ئەو بەحس و لێکۆڵینەوانەی کە لەم بوارەدا کراون،تەنانەت لە کوردستانی خۆشمان.ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە بەتایبەتی لەم نووسینەدا ئەوەیە تا چەند ئێمە توانیومانە لە ڕێی دەرهاویشتەکانی عەولەمەوە تەکان بە بزووتنەوەی سینەمایی خۆمان بدەین وە هونەرمەندی ئێمە لە کوێی ئەو گۆڕانکاریانەدا وەستاوە کە سەتەلایت و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی تر لەگەڵ خۆیان هێناویانە؟بە مانایەکی تر ئایا ئێمە توانیومانە کەڵك لە کرانەوەی ئەو دەرگایانە بە ڕووماندا وەرگرین کە بەر لە دەیەیەك ئێمەی لە فەرهەنگەکانی دونیا جیا دەکردەوە، یان بەربەستی دەخستە ڕێی ئەو نزیك بوونەوەیە وە پۆزەتیڤانە لە خزمەت بە هونەری سینەما بیانخەینە گەڕ؟ زۆر جار پرسیارێك لە خۆم دەکەم و وەڵامەکەشی وەرناگرمەوە ،لەبەر ئەوەی کە وەڵامەکەی لای من نییە،بەڵکو لەلای ئەو کەسانەیە کە لە وڵاتی ئێمەدا مومارەسەی هونەری سینەما دەکەن.بەم پێیە ئەبێ جیاوازییەك لە نێوان هونەرمەند و ئەو کەسانەش هەبێت کە مومارەسەی هونەر دەکەن.بە تێڕوانینی من هونەرمەند کەسێکە بەدوای داهێنانەوەیە،ئەو لە هەر بەرهەمێکدا شتێکی تازەمان نیشان دەدات،توانایی‌ەکی زیاتر ئەنوێنێت،زۆرتر فێر ئەبێت،زیاتر ئەچێتە پێشەوە و چەکدار تر ئەبێت بەو کەرەستانەی کە لە بەرهەمی داهاتوویدا بەرەو داهێنانێکی تری ئەبات،بەڵام ئەوانەی کە باسیان دەکەم کەسانێکن کاری سینەمایی دەکەن،تەمسیل ئەکەن،بەڵام ئەکتەر نین،سیناریۆ دەنووسنەوە،بەڵام سیناریست نین،فلیم دەرئەهێننن ،بەڵام دەرهێنەر نین.......تاد ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە وەڵامەکەی لای من نییە،هونەرمەندی ئێمە بە چ مەبەستێکەوە سەیری فلیمی بیانی دەکات؟ بێگومان بە ئامادەیی سەتەلایت ئێمە دەتوانین بەهرەمەند بین لە بینینی تازەترین فلیمەکانی دونیا ،ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەهرەمەند بوونە لە توانایی و داهێنان و تازە کارییەکانی سینەمای جیهانی .یەکێك لەو فاکتەرانەی کە ڕۆمان نووس و چیرۆك نووسەکانی ئێمەیان پێگەیاند ،خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکی بەشێك لە نووسەرەکانی جیهان بوو،کە کەم تا زۆر بەرهەمەکانیان بە کوردی بەردەست دەکەوتن و بەشێکی تریش لەو نووسینانە بە زمانی عەرەبی لەبەر دەستدا بوون.بە پچڕاندنی ئەو برە مەعریفەیەی کە نووسەرەکانمان لە ڕێی خوێندنەوە و دیراسە کردنی ئەو نووسەرە جیهانیانە کۆیان کردبۆوە،بێ گومان ئەمڕۆ نە دەبووین بە خاوەنی ئەو کتێبخانە بچکۆڵانەیەی کە لە بواری چیرۆك و ڕۆماندا هەمانە.بێگومان کازانزاکی و ڤیکتۆر هۆگۆ و چیخۆف وهەمەنگوای و ماکسیم**

گۆركی و زۆرێك لە نووسەرە جیهانییەكانی تر بە ئاسانی تارماییان بەو كتێبخانەیەوە دەبینرێ.هونەرمەندی ئێمە بە چ مەبەستێكەوە سەیری فلیمی بیانی دەكات؟ من جارێ لەوە دڵنیا نیم كە هونەرمەندەكانی ئێمە سەیری فلیمی جیهانی دەكەن یان نا،بەڵام با وابگرین كە وەڵامی ئەم پرسیارە پۆزەتیڤە.سەیركەری باش و خراپ بە ژمارەی ئەو فلیمانە ناپێورێت كە ئەو دەیان بینێت،بەڵكو بەو برە زانیارییەی كە لە پاش بینینی هەر فلیمێكەوە دەستی دەكەوێت.دەكرێت فلیمێكی بێ شومار ببینین بەڵام جگە لە چێژ و خۆشییەك تەكانێك بە ئاستی مەعریفیمان نەدات.كەواتە بینەری باش ئەوەیە كە دەتوانێت تواناییە داهێنەرەكانی هەر فلیمێك بدۆزێتەوەو بیكات بە ماترێاڵی بردنە پێشەوەی تواناییەكانی خۆی.بینەری باش ئەوەیە كە بە چاوی رەخنەوە تەماشای هەر فلیمێك دەكات و نەك تەنها وەكو بەرهەمێكی هونەری بەڵكو وەكو وانەیەكیش لێی دەروانێت.هونەرمەندی ئێمە بە چ مەبەستێكەوە سەیری فلیمی جیهانی دەكات؟ئەم پرسیارە بۆچی و ئەم نیگەرانییە لە پای چی؟

ئەگەر بینەری كورد بە چاوی بەراورد بە فلیمە جیهانییەكانەوە چاو لەو بەرهەمە كوردییانە بكات كە بە ناوی فلیمەوە نیشانی دەدرێت، ئەم پرسیارە خۆی بەسەردا دەسەپێنێت،ئێمە لە كام قۆناغی مێژوودا دەژین؟بێگومان ئەبێت جیاوازییەك لە نێوان مێژووی ڕاستەقینەی ئێمەو مێژووی دونیادا هەبێت ،یانیش ئەوەتا ڕۆژ ژمێرەكان فێڵمان لێدەكەن و داهاتو دەخوێننەوە ،ئەگەر نا ئەم مەودا بەرفراوانەی نێوان سینەمای ئێمە و سینەمای جیهانی چۆن كەوتۆتەوە؟هۆكارەكانی چین؟بۆ ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە تاوەكو هەنگاو بۆ كەم كردنەوەی ئەو مەودایە بدەین؟ئەمانە ئەو پرسیارانەن كە بە بێ وەڵامدانەوەیان مەحاڵە بزووتنەوەیەكی سینەمایی بەرێ بخرێت لە ئاكامدا سینەمای ئێمە بەرێتە مەرتەبەی ئەو ئەو سینامایانەی كە وەكو دەزگایەكی ڕۆشەنبیری خزمەت بە كۆمەڵگا دەكەن.

دەرهێنەر پێش ئەوەی دەست بە دوگمەی ڕیكۆردی كامیراوە بنرێت، ئەگەر نەزانێت دەیەوێ چی بكات و چی بڵێت و چی بخاتە ڕوو وە چۆن بیخاتە ڕوو، باشتر وایە ئەو ئەمری ڕیكۆرد كردنە دوا بخات بۆ فرسەتێكی تر،بۆ ئەو كاتەی كە خۆی لە دونیای ئەمڕۆدا دەبینێتەوە و دەزانێت لە كوێدا وەستاوە و لە كوێوە دەست پێدەكات و چی دەخاتە سەر ئەو هەموو تەجرەبەیەی كە لە هەموو دونیاوە وەك ڕووبار دەرژێتە دەریای پان و بەرینی سینەماوە.تازەكاری و داهێنان لە سینەمای ئێمەدا كارێكی زۆر ئاسانە ،لەوێوە كە ئێمە سادەترین سینەمای دونیامان هەیە،بەڵكو ناتوانین و جارێ جورئەتی ئەوە ناكەین بڵێین سینەمامان هەیە،كەچی لەگەڵ ئەوەشدا هیچ فلیمێكمان ناتوانێت فلیمی پێش خۆی تەجاوز بكات،هیچ دەرهێنەرێكمان ناتوانێت خاوەنی خەسلەت و شێواز و تەكنیكی تایبەت بە خۆی بێت ، بە جۆرێك بینەر وا هەست دەكات كە هەموو فلیمە كوردییەكان یەك دەرهێنەریان هەیە ،بەڵكو یەك وێنەگرو یەك سیناریست و یەك....یەك......تاد

زۆر بە سادەیی بۆ ئەوەی فلیمێكی چاك بەرهەم بێنیت ئەبێت سیناریۆیەكی چاكت لە بەردەست دابێت ،هەروەها وێنەگرێكی شارەزا و ئەكتەرێكی بە توانا،بەڵام لە هەموو ئەمانە گرنگتر دەرهێنەرێكی داهێنەرە ،دەرهێنەرێك بتوانێت ئەو بەشانە بە یەكەوە گرێ بدات،بتوانێت هەر یەكێك لەو بەشانە بەو ئاراستەیەدا

ببات كه بتوانن پێكەوە بەرهەمێك بخەنەوە بچێتەوە سەر هەموویان،بە مانایەكی تر بەرهەمێك پێكهاتەكەی بریتی بێت لە توانەوەی ئەو بەشانە لە ناو یەكدا.

هونەرمەندی ئێمە بە چ مەبەستێكەوە سەیری فلیمی جیهانی دەكات؟ئەم پرسیارە بێ وەلام دەمێنێتەوە تا ئەو كاتەی ئێمە تەجرەبەی هەموو دونیا و هەموو ڕەفەكانی كتێبخانەی سینەمای جیهانی بە موڵكی خۆمان دەزانین و دەیان كەین بە هەوێنی بەرێخستنی بزووتنەوەیەكی سینەمایی مۆدرن،بەلام تا ئەو كاتە بۆچوونێك كە لۆژیكی تیا بێت ئەوەیە كە ئێمە فریومان خواردووە و ڕۆژ ژمێرەكان فێلمان لێ دەكەن ،ئێمە لە دەیەیەك دەژین زۆر لەوە كۆنترە كە ڕۆژ ژمێرەكان نیشانمانی دەدەن.ئێمە دەبێت یان خۆمان بگۆڕین یان ڕۆژ ژمێرەكان.

2006-2-5